زنجیره باسەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری 20



مەنسور حیکمەت

# . دەربارەی خەبات لەدژی ئایین

# . نامەیەک بۆ دوو هاورێ

لەبڵاوکراوەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان / نۆڤەمبەری 2008

مەنسور حیکمەت

# دەربارەی خەبات لەدژی ئایین

مۆنتاژ : نوری بەشیر

سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

www.hkkurdistan.org

ئیمەیڵی حزب

hkkurdistan@yahoo.com

سەری منیش قسەمهەیە. کومەلیک ئە رکی خەتەر کەوتووە تە ئەستومان و راستیەکەی ئەوەیە کە گەلیک خالی لاوازمان هەیە. هاوبیری لە سەریان، قسەوباس و مشتومر و هات وهاوار لە سەریان، مەرجی پیویستی چوونە پیشی ئیمەیە و لە سوننەتی ئیمە دا هیچ کاریک مشروع تر و پەسەند تر لەوە نیە کە بوچوونت هەبیت و بوچوون بدەیت و مشتومر بکەیت. بەلام بریا لە بیرمان نەچیت کە لە دلی هەموو ئەم بوچوونە جیاوازانەدا، هیشتا هەموومان ئەندامی حیزبیکین کە دەبی روژ بە روژ بەهیزتر بیت و بەهیزتر دەرکەویت .

بریا ئیمکانی دیدار و قسەوباسی راستەوخۆی دوور و درێژمان هەبووایە. بهئومیدی دیدار. ئەملاوئەولاتان ماچ دەکەم و دەستتان دەگوشم.



# دەربارەی خەبات لەدژی ئایین

## مەنسور حیکمەت

### وەرگێڕانی: حەمەغەفور

**ئازەرماجدی:** مەنسورحکمەت، تۆ بەشداری میزگەردیکی وەرزنامەی (پرسش)ت کردووە بەناوی (باڵاکردن وئاوابوونی ئیسلامی سیاسی). مەسائلی زور هەیە لەم چاوپیکەوتنەدا کەپێمان باش بوو لەبارەیانەوە لەگەلتاندا گفتوگۆبکەین. بەهۆی کەمیی کاتەوە ئەمانەوێ لەبارەی چەند لایەنێکی ئەم مەسەلانەوە پرسیارت لێبکەین. یەکێک لەو مەسەلانە کەئێوە تەرحتانکردووە، من لێرەدا وەکو خۆی نەقلّی ئەکەم، "ووتووتانە کە سکۆلاریزم کۆمەڵێک هەلومەرجی لانی کەمە". وە لە دریژەیدا دەڵێن، "کە من بە تەنها خوازیاری سکۆلاریزم نیم، بەڵکو لایەنگری خەباتێکی هوشیارانەی کۆمەلگام لە بەرامبەر ئاییندا". ئەمانەوێ بۆمان باسبکەن کە پیکهاتەکانو تایبەتمەندییەکانی ئەم خەباتە کامانەن؟

**مەنسورحیکمەت:** کاتێک لە پەیوەند بە ئایین، وە بە تایبەتی دەربارەی ئیسلام لەم دەورەیەدا قسەدەکەین، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێ کە مەزهەب دیاردەیەکە ئەکرێ نیشانبدرێ، کە سەرچاوەی مەشەقاتو کوێرەوەرییە بۆ ئینسان. مایەی ئیستیبدادو بێحورمەتییە، مایەو سەرچاوەی تەحقیری ئینسانەکانە. بەمپێیە ئێمە لەگەڵ یەک دیاردە وە لەگەڵ یەک مەسەلە بەرەوڕوودەبینەوە کە دەبێ

لەسەر شانمان سووکیکەین. هەر وەکو چۆن بۆ نموونە، ئێوە ئالوودەبوون بە ماددەسڕکەرەکان تەنها بە ئەمرو مەسەلەی شەخسیی ئینسان دانانین، وە هەوڵەدەن بۆ ئەوەی ئەم ئالوودەبوونە لە ڕیشەوە لەناوبچێ، تەنانەت ئەگەر ئینسانەکان ڕێگەیان پێبدرێ کە ئەو مادانەش بەکاربهێنن، هێشتا بەکەمیدەزانن‌و پێتانوایە دەبێ کارێک بکرێ ئەم عادەتە بە تەواوی بەسەرشانی خەڵکەوە لابچێ. سەبارەت بە ئایینیش هەروایە. مەزهەبیش دیاردەیەکە، هەرچەند ئینسان ئازادە باوەڕی بە هەر شتیک هەبێ، بەڵام باوەڕبوون بەم کۆمەڵە لە مەسەلەی سیاسی‌و فکری‌و مەدەنی کە پێیدەووترێ ئایین‌و لەوانەش ئیسلام، هۆکاری بەدبەختی خەڵک بووە. بەمپێیە وەکو هەر بەڵایەک ئێمە لە بەرامبەریدا خەباتدەکەین.

بە بڕوای من ئەمەی کە ئایین وەکو ئەمرو مەسەلەی ئینسانەکانی لێبکرێ هێشتا کەمە. واتە کۆمەڵگا دەبێ کارێک بکات کە ئیسلام لەناوبچێ. زۆر بەڕۆشنی بابڵێم، پێویستە کارێک بکەین کە ئیسلام ئازادانەو بە شێوەیەکی ئیختیاریی لەلایەن خەڵک خۆیەوە لەناوببرێ. بۆ ئەوەی خەڵک چیتر ئەسیری ئایین نەبن، چیتر لەژێر کاریگەری مەزهەبدا نەمێننەوە، وە چیتر خەڵک بە هۆیەوە سەرکوتنەکرێن‌و مەشەقەت نەکێشن‌و لەناو خورافاتدا پەلوپۆنەکوتن. ڕێگای لەناوبردنی ئایین کامەیە؟ پەروەردەو فێرکردنی یەک دەوڵەتی ئازادە، کە دەرس‌و وانەی ڕاستییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و مەدەنی‌و مێژوویی‌و بیۆلۆژیکی‌و فیزیکی‌و سروشتییەکان بە هاووڵاتیانی خۆی فێردەکات. وە دەوڵەت کۆمەڵە یاسایەکی مەدەنی دابڕێژێ بۆ پارێزگاری لە هاووڵاتیانی لە بەرامبەر خەتەرو دەستدرێژی ناوەندو دامەزراوە مەزهەبییەکان‌و پیشەسازی ئاییندا. بە بڕوای من دەبێ ئایین وەکو پیشەسازی تووتن تەماشابکرێ. هەروەکو چۆن هەر کەس مەیل‌و ئارەزووی خۆیەتی جگەرە بکێشێ، بەڵام پێویستە کۆمەڵە یاسایەک هەبێت هەتا دامەزراوەکانی تووتن نەتوانن خراپ کەڵکوەرگرن لە ئالوودەبوونی ئینسان بە جگەرەکیشانەوە، نەبنەهۆی لە ڕادەبەدەری نەخۆشی، وە دەستیان ئاواڵەنەبێ کە منداڵان‌و تازەلاوان ڕابکێشنە ناو ئالوودەبوون بە جگەرەکێشانەوە. سەرەنجام سەبارەت بەئایینیش دەبێ کۆمەڵێک یاسای بەمجۆرە دابنرێ. واتە کۆمەڵە یاسایەک کە ڕێگانەدات پیشەسازی دینیی وەکو دامەزراوێکی مەزهەبی ژیانی ئاسایی خەڵک تێکبدات. بە درێژایی ژیانی نەوەیەک ئەتوانرێ کارێک بکرێ کۆمەڵگایەکی ئازادی وا بێتەئاراوە کە تیایدا ئایین وەکو نەخۆشی مەلاریا یاخود وەکو ئالوودەبوون بە مادەسڕکەرەکان ڕیشەکێشکرابێ.





سیاسەتەکان نی‌یە، بەلکو لەسەر ئیعتباری پوستی رابەرایەتی‌یە لە حیزبیکدا کە لە سەختترین هەلومەرجدا لە پیناو ئازادی و یەکسانی خەبات دەکات .

٣-پیک هینانی فراکسیون لە سوننەتی ئیمەدا نەکفرە و نە تاپو(قەدەغە)یە. بەلام ئەگەر کەسیک ئەمرو لە حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیراندا بییەوی فراکسیونیک رابگەیەنی وەکو سکرتیری کومیتەی ناوەندی ئەم حیزبە لانی کەم ئەم خالانەی خوارەوە بە ئەو دەلیم:

پلاتفورمی سیاسی- بەرنامەیی بەدیلتانم بدەنێ- ناوی راگەیەنەران و قسەکەرانی **ئەصلی** فراکسیونم بدەنێ .

-لەبەر ئەوەی کە لەبەرامبەر خەتی رەسمی‌دا فراکسیون پیک دەهینن، پیویستە بە رەسمی بەکتبی (تحریری) تاکید لە سەر دیفاع کردنتان لە **إنظباط** و موازینە تەشکیلاتی‌یەکانی حیزب، قبول کردنی قانوونی بوونی کەنالە رەسمی‌یەکانی حیزب بو تەرحی بوچوون و اختلافاتەکان، قبول کردنی مشروعییەتی پەسەند کراوەکانی کومیتە حیزبی‌یەکان، قبول کردنی مشروعییەتی رابەرایەتی و ئورگانە حزبی‌یەکان، بکەن. پیک هینانی فراکسیون نەتەنها بە مانای دەرچون لە **إنظباط** و موازینی حیزب نی‌یە بەلکو تەئکیدیکی زیاتر لەسەر وەفاداری پییان پیویست دەکات .

- زورینە ( اکثریت)یش لەبەرامبەردا مافی ئەوەی هەیە کە لە بەرامبەر ئیوەدا وەکو فراکسیونیکی ریکخراو دەربکەویت .

**وە بە وینەی ئەندامیکی حزب دەپرسم :**

-بوچی فراکسیون؟ بوچی لەموازینە روتینی‌یەکان و قسە و باس و بریاردان لە حیزبدا بو خستنەرووی سیاسەت و بوچوونە پیشنیارەی‌یەکانتان کەلک وەرناگرن؟ بوچی بوچوونەکانی ئیوەش ناتوانی وەکو بوچوونی هەر کەسیکی تر لە خودی ئەو کومیتانەدا کە ئەندامن تیایدا تەرح بکریت و بدریتە بەر باس و بخریتە دەنگدانەوە؟

-پیکهینانی فراکسیونەکەتان چون حیزب بە هیزتر دەکات؟

-ئەو ئەسنادانەی کە تیایدا جیاوازی و سیاسەتەکان و تەرحە بدیلەکانی ئیوە بەیان کراوە کامانەن؟

٤-هاوری یان، هە روەک پیشتر ووتم، رادەربرین لەسە ر ناوەروکی باسەکانی ئیوە پیویستی بەوە هەیە کە ئەسنادەکانتان بگاتە دەستمان. ئومیدەوارم ئەم ئەسنادانە هەر چی زووتر بە دەستم بگات. سەبارەت بە گەلیک لایەن، لەوانە سەبارەت بە بە شیک لە و خالانەی کە بیستوومەقسەتان هەیە لە

که له کیشمه‌کیشیکی بەم جورەدا گەلیک هەلەی تەشکیلاتی، بی‌گومان لـه هـەر دوو لاوه روو دەدات و دەبی دواتر تحقیقی لی بکریت. بەلام کیش کردنی باسەکه بو ناو ئیتهاماتی له چەشنی ئەوانەی سەرەوه و سیستم دروست کردن لی‌یان (بە سیستماتیک لـه قەلـەم دانیـان) نەتـەنها خـوی لـه خـوی‌دا لاوازه و وەلامدەرەوه نی‌یه، بەلکو ئەو ئیختیلافه سیاسی‌یه گرنگ تره و محتەوایی ترەی که ئیوه دەلیـن هەتانـه دەخاته ژیر سیبەری خویـەوه. بوچـی حەتمـەن دەبی‌لایـەنی بەرامبـەری باسـەکەی ئیـوه بـی **ئُصول** و دیکتاتور نیشان بدریت بو ئەوەی قسەی ئیوه لایەنگر بو خوی پەیدا بکـات، بوچـی پـشت بـه توانـای باسی سیاسی‌تان نابەستن؟ ئەمه وەکو قانوونیکی خەباتی سیاسی له من قبول بکەن: هیچ کەسیک لـه مەوقعییەتی **مظلومی‌یەوه** نابیته رابەری کەس. کەسیک ناتوانیت خوی له رووی سیاسی‌یەوه بەهیز بکات که له هەمان کات‌دا خەریکه زەعیف بوون و ژیـر چەپوکـەیی و **مظلوم** بـوون و لەشـکان‌هاتنی خـوی و **مطلق** بوونی دەسەلاتی لایەنی بەرامبەری تەبلغ دەکات. پیکهینانی رابەرایەتی‌یـەکی بـەدیل، کـه وادیـاره ئامانجی ئیوەیه، تەنها له ریگای خستنەروو و داوەری کردن لەسەر بوچوونەکانتان ئیمکانی هەیه .

من وەکو هەر ئەندامیکی جدی حیزبیکی کومونیستی کریکاری شەرافەت و **ئُصولیەتی** هاوری‌یانی حیزبی و ئورگانەکانی رابەری حیزبەکەم بە **ئەصل** دەزانم. تەنها به تەرح کردنی شکات وه یان ئیتهام دانه پـال رابەرایەتی پشتی خالی ناکەم و متمانەم بەو لەدەست نادەم. تاوان دەبی ئیسپات بکریت. به بروای مـن هەر ئەندامیکی حیزب و وەکو بەلگەنەویستیکیش هەر ئورگـانیکی رابـەری حیزبـی تـا پیچەوانـەی ئـەوه ئیسپات نەکرابی، موعتەبەر و محتەرەم و مـشروعه. ئەمـه ئیعتمـادیکی کویرانـه و شـکلی نی‌یـه. ئەمـه بەمانای خوشباوەری به ئەفراد وەیان بینینی حیزب و رابەری نی‌یه به جوریک که هەله هەلناگرن. ئەمه پرەنسیپیکی گرنگی کومەلایەتی و سیاسی‌یه. یەکەم، **ئەصل** لەسەر بەرائەتـه، وه ئەگـەر مـن ئەمـه بـو متهم کراوەکان به تاوانی جنائی به معتبر دەزانم، بدیهی‌یەکه بو هاوری‌یانی کومونیستی خوشم، چ جـای کەسانیک که رابەرایەتی حیزبیان له ئەستویه، به معتبر دەزانـم .دووەم، مـن وەکـو ئەنـدامیکی حیزبـی کومونیستی کریکاری، بزووتنەوه و حیزب و رابەرانی خوم به خورایی به دەست نەهیناوه تا به خورایـی له دەستیان بدەم. من پیم ناوەته ناو ئەم حیزبەوه تا بتوانم له پال ئەوان بم و ئیحترام و ئیعتباریان بو دادەنیم و سروشتی‌یەکه تا پیچەوانەی ئەمه ئیسپات نەکرابی، لەپال ئەوان لا ناچم. بەهرەمەند بوون لـه متمانەی ئەندامان (تاکاتیـک کـه کەسـیک ناحـەق بوونـی ئـەوی ئیـسپات نـەکردبی) حـەقی رابەرایەتـی حیزبیکی کومونیسته. رابەرایەتی ئیستای حیزبی عیراق ئەم مافـەی هەیـه، ئیـوەش ئەگـەر روژیـک بـو رابەرایەتی ئەم حیزبه هـەلبژیردرین ئـەم مافـەتان هەیـه. قـسه لەسـەر ئەشـخا× و ئـەفراد و تەنانـەت





**ئازەرماجدی:** ئێوه به درووست باسەکەتان بەو شوێنەدا برد که دەمویست پرسیارتان لێبکەم دەربارەی. تۆ سەبارەت به دامەزراوه ئایینییەکانو پیشەسازی مەزهەب دووانو چووانتان به پیشەسازی توونت. من ویستم بپرسم، مەبەستتان له دامەزراوەی ئایینیو سەنعەتی مەزهەب چییه؟ ئایا ئەمه تەنها گالتەیەکه که ئایین وەکو پیشەسازی توونت سەیردەکەن؟

**مەنسورحیکمەت:** هەرگیز، هەرگیز، بەو جۆره نییه. من بەو دیاردەیه ئەڵێم پیشەسازی، چونکه هەندێک کەس وابیردەکەنەوه که ئایین عەقیدەو باوەڕی خەڵکه. وانییه. ئایین پیشەسازییەکی تەواوه. خاوەنی هەیه، له بەرژەوەندی ژمارەیەکدا ئەبێته هۆی سەروەتو سامان، وه دەسەڵاتی سیاسی یەک تەیفی کۆمەڵایەتی  له کۆمەڵدا. لەخزمەتی یەک دەسەڵاتداریتی سیاسیدایه له کۆمەلگادا، واته دەسەڵاتداریتی چینایەتی ئەو کۆمەڵگایه. مەزهەب پیشەسازییەکه. دەیان ملیارد دۆلار پاره تیایدا ئاڵو وێر دەکرێ. پڕوپاگەندەی دینیی لەم پارەیه دابیندەکرێ. ئەم پارەیەش به کڵاولەسەرنانو لێسەندن و..تد، بۆ نموونه، لەئێران لەڕێگەی دەوڵەتەوه ئەم پارەیه لەگیرفانی خەلک دەردەهێنرێ. ئایین یەک دامودەزگای بڵاوکردنەوەی درۆیه. درۆ بەسەر خەڵکدا پەخشئەکەنەوه. خەڵک ئەترسینن. لەم دنیایەدا بەتوندوتیژی خەلک دەترسێنن، "لەودنیاش" بەسزادان. دین کتومت وەکو مافیا وایه. دامەزراوەی دینیی، چ مەسیحییەت، چ ئیسلام، چ یەهودییەت، یەک دامودەزگای گەورەی کۆمەڵایەتین بەرلەوەی کۆمەڵێک بیروباوەری فکری بن، کەلەسەر پێی خۆی وەستاوەو باج وەردەگرێ، پارەکۆدەکاتەوه، وه له پیناوی مانەوەی خۆیو حاکمییەتی خۆیدا خەرجیدەکات. بەمپێیه پیشەسازییه دینییەکان دیاردەی زۆر گەورەو زەبەللاحن له جیهاندا. واته پارەیەک که بۆ ئیسلام یاخود بۆ کلێسای مەسیحییەت خەرجئەکرێ، ئەگەر سەنجبدەنێ،  بەراورد دەکرێ به گەورەترین کۆمپانیای نێونەتەوەیی. بەراورد ئەکرێ به بودجەی کەڵەکەکراوی سەربازیی دەیان وولات لەسەر یەک. کەواته مەزهەب دەبێ وەکو یەک پیشەسازی تەماشابکرێ، که هووشیارانه خەریکی فرۆشتنی بەرووبوومەکەیەتی، وه خەریکه بازاری تایبەت به خۆی پەیدادەکات. وه تێدەکۆشێ بەکاربەر به خۆی ئالوودەبکات. کەواته ئەگەر کۆمەلگایەک دەخوازێ خۆی ئازادبکات، دەبێ بەمجۆره بڕوانێته ئایین، وه هەر بەمشێوەیەش بەرەوڕووی ببێتەوه. نەک وابیربکاتەوه که مەزهەب کۆمەڵێک عەقیدەو باوەڕبوونه بەکەری دەجاڵو شیوەن بۆ کەربەلاو حەسەنو حسەین! دین یەک پیشەسازی عەزیمی بەرهەمهێنانو دەرهاویشتنو فڕێدانی خورافەو تۆقاندنی خەڵکو ملکەچپێکردنو به تەسلیمکێشانی خەڵکه له بەرامبەر دەسەڵاتی چینایەتی زاڵدا. وه ئەگەر ئێوه کۆمەڵگایەکی ئازادتان دەوێ، پێویسته پاره خەرجکەن، هێزتەرخانکەن، هێزی ئینسانیی ئامادەکەن، بۆئەوەی لەگەڵ ئەم

دیاردەیەدا بەرەوڕووببنەوە. هەربەوجۆرەی کە بەرەوڕووی باندەکانی مادە بێهۆشکەرەکان دەبینەوە، یا بەو شیوەیەی کە بەرەوڕووی کۆمپانیای (سوجو) دەبینەوە، کە دێنو خەڵک ئەدزنو دەفڕێننو لە جیگای خۆیاندا وێرانەیەک بەجێدەهێڵن، بەهەمانشێوەش دەبێ بەرەوڕووی پیشەسازی دینیی ببینەوە. بێگومان باوەڕی هەرکەسیش بۆ کەسەکە خۆی بەڕێزەو دەبێ ڕێگابدرێ هەرکەسێک کە ئەیەوێ باوەڕو عەقیدەی بە هەرشتێک هەبێ، ئازادبێت. بەڵام ئەگەر لەسەر بنچینەی ئەم باوەڕانەوە یەک دامودەزگای سیاسیو سەربازیو فەرهەنگی دابمەزرێنرێ کە ئامانجی بەستنەوەو لە قاڵبدانی خەڵک بێت، ئێوە پێویستە بە هاوکاری خەلک، وە لە لایەن هاووڵاتیانی کۆمەلگاوە بەرامبەری بوەستنەوە.

**ئازەر ماجدی:** دواتر دێمەوەسەر ئەم خاڵەی کە لە دواییدا باستکرد. بەڵام بەرلەوە ویستم ڕای ئێوە بزانم. لەوانەیە بڕێک کەس جمهوری ئیسلامی وەکو یەک دەوڵەت کە بە تەواوی دینییە، یاخود تەنانەت ڤاتیکانیش وەها سەیرکەن کە تۆ دەیڵێیت. بەڵام ئایا دینو مەزهەب بۆ نموونە لە ئەوروپای ڕۆژئاواش کە لە هەندێک جێگایدا لە دەولەت جیایەو نەخشیکی ئەوتۆی نییە بەسەر ژیانی خەلکەوە، ئێوە هەر بەو شێوەیە، واتە وەکو باندی مافیایی تەماشایدەکەن

**مەنسور حیکمەت:** سەرەتا با ئەوە بڵێم، ئەمەی کە لە ئەوروپا لەو جێگایانەی کە ئایین هیچ نەخشێکی نییە، لەبەرئەوەیە ئەم شتانەی کە باسمکردن لە سەدەکانی ڕابردوودا لە بەرامبەریدا ئەنجامدراون. خەڵک ڕۆشتوون سەروەتو ئەموالو مەوقوفاتیان لێسەندۆتەوە. یاسایان داناوە کە ڕێگانادات مەزهەب دەخالەت بکات لە پەروەردەو فێرکردندا. یاسا دانراوە کە ڕێگای گرتووە لە دەخالەتی دین لەناو پرسی باری کەسیی خەڵکدا. بەڵام ئەوروپای ئەمرۆ نموونەیەکی باش نییە بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئایین چییە. دەبێ سەد ساڵ بگەڕێینەدواوە بۆ ئەوەی بزانین هەر ئەم دینە چی بەسەر خەڵکدا هێناوە! هەرئێستا پاپا ناچاربووە داوای پۆزش بکات بە هۆی هاوکاری کردنو دەستێکەڵکردنی کڵێسای کاتۆلیکەوە لەگەڵ هیتلەرو دامو دەزگایەکی ئینسانسووتاندنەوە کە هەیبوو. لە زۆر جێگا نموونە هەیە. هەرئێستا لە ئیرلەندەی سەروو پرۆتستانتەکان بەردەرگای قوتابخانە سەرەتاییەکان دەگرنو خویندکارە کچۆڵەکان بەردباران ئەکەن. تەنانەت بۆمبەکانیان بەسەروچاویاندا دەتەقیننەوە، بەهۆی ئەوەوە کە ئەوان کاتۆلیکنو ئەمان پرۆتستانتن. دەبێ ڕووداوەکانی یۆگۆسلاڤیاو ئەو کێشمەکیشانەی کە لەوێ هەن تەماشابکرێ. دەبێ سەیری شیشان بکرێ، ئەفغانستان سەرنج بدرێ. بە بڕوای من ئایین بە شیوەیەکی گشتی نەخشی هەیە. لە هەندێ شووێن خەلک گوێی دینیان گرتووەو لەسەر جێی خۆی دایانناوەتەوە، وە ئەو جێگایانە حاڵەتی شارستانییو مەدەنییان بە خۆیانەوە گرتووە. بەڵام هێشتا وەکو هێزێکی





ترسناک نی‌یە، بەلکو زور ایجابی و بنیاتنەرە. بەو مەرجەی سیاسی بیت و بە سیاسی بمینیتەوە و لە نیوان کومەلیک ئینسانی سیاسی‌دا لە ئارادابیت. ریگا بدەن سەرنجتان بو لایەنیکی تری ئەم مەسەلەیە رابکیشم. ئەم اتهامانە نە تەنها قورسن، بەلکو بە شیوەیەکی سەرسورهینەر ئاشنان. هاوری‌یانی ئازیز، ئەوە **صودفە** نی‌یە کە لە هەر بەرامبەرکی و کیشمەکیشیکی بالە کاندا لە حیزبە چەپەکاندا، بە دریژایی دەیان سال، ئیتهامی "سەرکوتی مخالفین و پیادەکردنی دیکتاتوری" دراوەتە پال رابەرایەتی ئەم ریکخراوانە. ئەم اتهامانەی بورژوازی و غەرب چ پیش جەنگی سارد و چ بەتایبەت لە ماوەی جەنگی ساردا بە تایبەتی بو حیزبە چەپ و کومونیستەکانیان هەلبەستبوو. لە هەندی حالەتدا رەنگە ئەم اتهامانە راست بووبی. بەلام ئەمە هۆی رەواج پەیداکردنیان نی‌یە. ئەمە تسویرێکە کە بورژوازی (راست) خەلکی پی لە چەپ دەترسینی. ئەمە یەکیکە لە چەکە گرنکەکان لە ئەمباری دژی کومونیستی بورژوازی‌دا. لیم ببورن ئەگەر موسبەقەن نسبەت بەو هاوری‌یانەی کە لەگەل دەربرینی اختلافی بوچوونی خویان لەگەل "رابەرایەتی "و "سەرەوە"دا دەستبەجی دەست بو ئەم ووشە ئاشنا و ئالودانە دەبەن و دەی‌هاویژنە هاوری‌کانیان هەست بە لایەنگری ناکەم. موتابەعەی ئەخبارەکان بکەن، بزانن سەرۆکی حیزبی **محافظین** و حیزبی کریکارانی ئەنگلترا چ لەگەل مخالفەکانیان‌دا دەکەن و چ **صلاحییەتیکی** فراوانیان بو داسەپاندنی بوچوون و سیاسەتەکانیان یان دەرکردنی ئەندام و کادر و ئەندامی ناوەندی حیزبەکەیان هەیە. بروانن تە×فیە و سەرکوتی مخالفان لە حیزبە لیبرال و سوسیال دیموکراتەکانی ئەوروپادا لە چ ئەبعادیک و بە چ ئاسانی‌یەک و مشروعییەتیک دەبریتە پیشەوە .سەیری ×لاحییەتەکانی سەروکی ئەم حیزبانە بکەن لە سەندنەوەی ئازادی رادەربرینی معاونەکانی خویان، هەر لە هەمان ناوچەی دەورو بەری خوتان سەیرکەن جەنابی **طالەبانی** چ **صلاحییەتیکی** نووسراو (مدون) و نەنووسراوی هەیە و لە دەروونی یەکیتی نیشتیمانی‌دا چ دەکات. ئەگەر بریار بی بە واقعی بە شوین سەرکوتگەر و دیکتاتور و سوننەتی سەرکوتی مخالفین‌دا بگەریین لە حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراقەوە دەستی پی ناکەن. من لە زەبتورەبت(**ظوابط**)ەکانی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق ئاگادارنیم. بەلام ئەگەر لە حیزبی کومونیستی کریکاریی ئیراندا کەسیک بە تایبەتی ئەم اتهامە ناسراوانە بەر لە تەرح کردنی رەسمی و ئیسپات کردنی لە مرجعیکی خاوەن **صلاحیەتی** حیزبی‌دا، بداتە پال هاوری‌یان و کومیتە تەشکیلاتی‌یەکان، ئەوا بە توندی دەکەویتە بەر رەخنە و دەبی لی‌یان پاشگەز ببیتەوە و داوای لی‌بوردن بکات .

هاوری‌یان، ئەگەر ئختلافاتی ئیوە لەگەل «رابەرایەتی»دا، ئختلافیکی سیاسی‌یە، ئەوە بە سیاسی بیهیلنەوە. هینانی ئەم ئختلافانە بو ناو بعدی تشکیلاتی نە پیویستە و نە بە کەلک. گومانم لەوەدا نی‌یە

ئایا مەبەست مەکتەبی سیاسی‌یە؟ کومیتەی مەرکەزی‌یە؟ کومیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانە؟ کومیتەی سلیمانی‌یە؟ خودی ئیوە هاوری‌یان وە بی‌گومان هاوری‌یانیکی زورتر لە نیو ئەوکەسانەی کە هاوبیری ئیوەن ئەندامی ئەم کومیتانەن. ئەو شیکردنەوەیەی کە گرفتەکە لە **ئەشخاصەکان**دا دەبینیتەوە، ئەرکیتی کە پەنجە بخاتە سەرهەوییەتی **شەخصەکانیش**. لە دریژەی کام رەوەندداا معلوم بوو کە دەبی لەم هەموو دەیان کەسە بی ئومید بی. چون معلوم بوو کە تاکتاکی ئەمانە لە سوننەتە ووردە بورژوازی‌یەکان دیفاع دەکەن؟ بەشیک لەم هاوری‌یانەی رابەرایەتی تا ئەو جیگایەی کە من دەزانم تازە ئەمرو خەریکن بو یەکەمین جار لە بوچوون و اختلافاتەکانی ئیوە ئاگادار دەبنەوە. حیزب هیشتا لە سەرەتای کاری دایە. کومیتەی مەرکەزی تەنها چەند دانیشتنیکی دیاریکراوی بەستووە و تازە خەریکە وەک یەکەیەکی (واحیدیکی) حیزبی شکل بە خوی دەدات، ئیستا چون پی داگرتنی یەکیەکی ئەندامانی لە سەر پراتیکی ووردە بورژوازی ئاشکرا بووە و ئیسپات بووە؟ دەرکردنی ئەم نتیجە گیری‌یە بەم مەودای شمولە هەمەگیرەوە، بو من دژوارە .

٢-ئەو اتهامە تەشکیلاتی‌یانەی کە دەیدەنە پال «رابەرایەتی» ( سەرکوتگەری و شتی تر)، اتهاماتیکی قورسە، سەرکوتگەری و کەلک وەرگرتن لە ئامرازە تەشکیلاتی‌یەکان لە دژی مخالفینی سیاسی، لە سوننەتی ئیمەدا رەتکراوەتەوە و مەحکوم کراوە. کەسیک ئەمە اسلوبی بیت جیگای لە بزوتنەوەی ئیمەدا نابیتەوە .بەلام ریک لەبەر ئەم هویە هیچ کەسیک ناتوانی ئاوا بە ئاسانی و لامبالاتانە اتهاماتیکی بەم جورە بداتە پال هاوری‌یانی حیزبی، چ لە سەرەوە و چ لە خوارەوەی تەشکیلات. کەس ناتوانی هەلەی بەم جورە، بەبی ئەوەی پیش تر لە مرجعیکی رەسمی تەکشیلاتی‌دا ئیسپات کرابی بە ئاشکرا بداتە پال کەسیک. ئیمە لە بەرنامەماندا، کە ئیوەش بە دروستی دەتانەوی پراتیکمان جووت بی لەگەلیدا، ئیفترا (تومەت)، وواتە هەلبەستنی ئیتهامیک کە بە رەسمی ئسپات نەکرابی، مان ممنوع کردوە. ئیمە دەمانەوی ئەم مافانە بو هەموو خەلکی زەمانەت بکەین .وەرن با لەپیش‌دا لە حیزبی خوماندا کاری پی بکەین. نامەکەی خوتان جاریکی تر بخویننەوە. رەنگە لە روانگەی ئیوەوە نسبەت دانی ئەم کارانە بە رابەرایەتی حیزب (کە هەویەتەکەی‌تان دیاری نەکردووە و بی شک هەمووان دەگریتەوە) ئینسافانە و واقعی بیت. بەلام هاوری‌یانی ئازیزم، معیاری ئیمە ئسپات کردنی تاوان‌نی‌یە لە پیشگای مدعی‌دا. ئیمە حیزبیکی سیاسی جدین، یان بریارە وابین. بەر لە خستنە سەرکاغەزی یەک لەسەدی ئەم اتهامانە بە هەر ئەندامیکی حیزب، چ جای ئەوەی بە رابەرایەتی‌یەکەی، دەبی راستی و دروستیان لە مەرجەعیکی رەسمی و خاوەن **صلاحییەت**ی تەشکیلاتیدا ئیسپات کرابی. ئایا واکراوە؟بو من ئەمە قورسترین لایەنی مەسەلەکانی ئەخیر و نامەکەی ئیوەیە. ئیختلافاتی سیاسی نە تەنها شتیکی





زەخیرەو یەدەک لەوێ دانراوون. من پەرلەمانی کڵێسای مەسیحییەتیش لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا ریک هەر لەم چوارچیوەیەدا دائەنێم. بەڵام هەرئیستا ئەو نەخش‌و ئەو بازاڕگەرمییەی کە ئیسلام هەیەتی بۆ نموونە لە ئیران‌و ئەفغانستانداو خەریکی ئیسانکوشتنە، مەسیحییەت نەیماوە لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا. بەڵام نەخشی هەیە لە سەرکوتی ژناندا، نەخشی هەیە لە کپکردنەوەی بیروباوەری ئازادیخوازانەدا. لە بەرگرتن بە نوێبوونەوەدا ڕۆڵی هەیە. وە هێشتاش هەر دەستی لە گیرفانی خەڵکدایە. تا ئیستاش کڵێسا بە توندی دەستی لەناو گیرفانی خەلکدایە، وە سەرچاوەو داهاتیک کە دەبێ بۆ خۆشبەختی ئینسانەکان خەرجبکرێ، دەیگێڕنەوەو خەرجی دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی خورافات لەناو خەلکدا. زەرەروزیانی مەسیحییەت بەو ڕادەیە ئاشکراو بینراو نییە کە هی ئیسلام لە ئیران‌و ئەفغانستان‌و عەرەبستانی سعودیدا هەیەتی‌و دیارە. بەڵام بە ئامارو بە ژمارە ئەتوانرێ نیشانبدرێ کە کلیسا چ ڕۆڵێکی هەیە. لە هەندێک جێگا کلیسا لە دژی دەولەتە ئیستیبدادییەکان وەرچەرخاوە. بۆ نموونە لە ئەمریکای لاتیندا. بەڵام ئەوە کلیسا نییە کە وەرچەرخاوە. ئەوە ئەو کلیسایەیە کە دەبینێ خەلک مەیلیان بەلای چەپدا هەیە، وە لە پێناوی پاریزگاری لە رەونەقی خۆیدا ناچاربووە لە هاوشانی خەلکدا بڕواتەبەرەوە. بەڵام هەرکاتێک سەربکێشیتە ناو هەر ناوەندیکی جددی کۆمەلایەتییەوە، ئیسلام‌و دینەکان لە کەناری چینەداراکانەوە دەبینی، کە خەریکن خەتیان پێئەدەن‌و ئاراستەیان دەکەن بۆ سەرکوت‌و لە قاڵبدانی کۆمەڵایەتی.

**ئازەر ماجدی:** ئێوە لە وەڵام بە پسیاری پیشوودا باسی ئەوەتانکرد کە پێویستە دامودەزگاکانی ئایینی بپێچرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پیویستە پارە دابنرێ‌و هێز تەرخانبکرێ. ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە دەسەڵاتدا بەشداربێ، وە جمهوری سۆشیالیستی لە ئیراندا دامەزرێ، ئەم مەسەلەیە چ شکڵ‌و شیوەیەک بەخۆیەوە دەگرێ؟ چونکە ئیوە ووتتان باوەڕو عەقیدەی خەلک بەڕێزن. لەوانەیە ئەمە باش نیشانی نەدات کە مامەڵە لەگەڵ مەزهەب‌و ئاخوندو مزگەوتەکان چۆن دەبێت؟ وە لەگەڵ کەسانیک کە باوەریان بە ئیسلام هەیەو موسڵمانن چۆن؟ ئەم لایەنە برێک ڕۆشن بکەنەوە.

**مەنسور حیکمەت:** بە ڕای من بیروباوەڕی شەخسیی ئینسانەکان خۆیان بۆ خۆیان بەڕێزن. لەوانەیە من ڕێزدانەنیم بۆ بیروباوەری ڕاسیستیی‌و نەژادپەرستانەی کەسێک، کە داینانیم. بەڵام مادام خۆی دەیەوێ وەها بیربکاتەوەو تا ئەو جێیەش کە ئازاری بۆ کەس نییە، بیروڕای شەخسیی ئەو کەسە خۆیەتی. لە هەرجێگایەکی ئەم جیهانە هەر ئینسانێک مافی خۆیەتی هەر چۆنێک پێیخۆشە وا بیربکاتەوە. ڕێگا بە کەس نادرێ لە دنیای تایبەتیی هیچ کەسێکدا دەخالەت بکات‌و یاسا پێشێلبکات، وە پێیبڵێ کە تۆ بۆت

نییە بەم شێوەیە بیربکەیتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئێمە هەوڵنەدەین بۆ گۆڕینی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە. ئینسان دەبێ ئازادبێ وە بتوانێ لە نێوان هەڵبژاردنی بیروباوەرە جیاوازەکاندا خۆی سەرپشکبێت. بەڵام یەک نەخشی بنەرەتیی ئایین ئەمەیە کە بەزۆرو بە ڕێگای تۆقاندنو دەمارگیریی هەموو بیروباوەرو بیرە ئازادیخوازەکان لەبەرچاوی خەلک دووردەخاتەوە، وە لە بەرامبەریاندا یاساکان ژێرپێدەخات. لە کابول تاڵیبان ویستی ژمارەیەک کەس ئیعدام بکات، تەنها لەبەرئەوەی بانگەوازیان بۆ ئایینێکی دیکە کردبوو. ئەمە ئێستا شتێکی ناشیرنو ئیفراتییە لە ئەفغانستان. بەڵام ماهییەتی کاری هەموو ئایینەکان هەرئەمەیە. پەروەردەو فیرکردن کلیلی ئەسڵییە. ئەمەی ئینسان پیویستی بەوە نەبێت کە باوەڕ بەم خورافاتە بکات، وە بزانن جیهان شتێکی دیکەیە. بەڵام بە تەنها هەر ئەمە نییە. دەبێ کۆمەڵە یاسایەک دابنرێ کە ئەم دامودەزگا مەزهەبیانە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. بۆ نموونە دەبێ لیکۆلینەوە لەسەر حساب بانکییەکانیان بکرێ وەکو هەر کارگەو دامەزراوێکی دیکە. واتە سیستەمی ئیسلامیو مەساجدو ئایەتوڵڵاکانیش دەبێ بە گویرەی ئەو یاسایانە بجووڵێنەوە کە کارگەی بسکیتی ڤیتاناو فابریکەی ئاو گەرمکردن سازی وە یان شەریکەی جگەرەی وینستۆن پەیڕەوی لێدەکەن. بەمجۆرە دەبێ حساباتیان کۆنترۆڵبکرێو بزانرێ پارەیان لە کوێوە هێناوەو چۆن چۆنیش خەرجیانکردووە! باجیان داوە یا نەیانداوە. دزییان نەکردبێ، فیڵو تەڵەکەیان لە دەولەت نەکردبێ، وە پارەیان لە خەلک نەسەندبێ...تد.

ژمارەیەک یاسا هەن کە هەر ئاوا خۆیان دەبنەهۆی داخستنی زۆریک لە دامەزراوەو شوێنی ئایینی.
ئەگەر یاسای پارێزگاریکردن لە گیاندران بە جددی بگرین، دەبێ بەشێکی گەورەی شاعیرانی ئیسلامی بلۆکبکرێن، چونکە لە ڕادەبەدەر توندوتیژ ئامیز لەگەڵ گیاندراندا رەفتاردەکەن. ئەگەر ئێمە بەرگری بکەین لە مافەکانی منالان بەو یاسایانەی کە شایستەی مافەکانی منالانن، ئەوا بەشیکی زۆر لە چالاکیو هەڵسووڕانی ئایینی دەبێ ڕابگیرێن، بەو هۆیەوە کە بە تەواوی ناکۆکو دژن لەگەڵ ئازادیی منالاندا، واتە ئەمە کە منالان مەعسومو پاریزراوبن لە هەرەشەو تۆقاندنو ئەشکەنجەدانو کارە ئیجبارییەکانو...تد.
ئەگەر بە درووستی مافەکانی ژنان چاودێری بکەین، دیسان بەشێکی زۆر لە یاسای مەزهەبی دەبێ لاببرێن. بەم مانایە پیاوە دینییەکان چیتر ناتوانن یاساکانیان پیادەبکەن، ئەگەر لە ڕووی حقووقییەوە ژنانو پیاوان یەکسان بن لە کۆمەلگادا. سەرجەمی یاساکانی خیزانو زەواجو تەڵاقو ئیرسو میراسێک کە ئیسلام دایناون، دەبێ لە کاربخرێنو بخرێنەلاوە، لە هەر شوێنێک هەر کەسێک بخوازێ تەرحیانبکات.
چونکە لەگەڵ یاسا مەدەنییەکاندا دەکەونە ناکۆکییەوە. ئەمەوێ بڵێم، ئەگەر بەرگریبکەین لە مافە مەدەنییەکانی ئینسان، بەشیکی زۆر لە مەزهەب لەناودەچێ. وە ئەگەر بەرگری بکەین لە زانستو ئازادی





من لای ئیوە سەنگی هەبیت. بەلام ئایا بە واقعی لە روانگەی ئیوەوە بو ئەم کارە درەنگ نیە؟ کەسیکتان بانگ کردووە بو داوەری، بەلام وەختیک ئاگادارتان کردووەتەوە کە محاکەمەکە کوتایی پێهاتووە، حوکمەکە دەرکراوە و تەنانەت جێبەجێ کراوە و هەموو بریاری خویان داوە، تاوان باریان بردووە و، هەموو رویشتوون. من دەتوانم چ شتیک بخەمە سەر ئەم باسە لە کاتیکدا کە هەر ئیستا لە پیشگا (بارەگا)ی ئیوەدا تاوانی رابەرایە تی حیزب یەکلا کراوەتەوە و نەتەنها کارکردی رابردووی، بەلکو نییەت و هەلسوکەوتی داهاتوویشی (وەک رەفتاری لە کونگرەی داهاتوودا) محکوم کراوە. لەمەش واوەتر، تەنانەت چارەنووس (تکلیف)ی لایەنگرانی ئیستا و داهاتوی رابەرایەتیش دیاری کراوە: دەلین «جگە لە کەسانیکی کەم کە مەبەستی تایبەتی‌یان هەیە ئیتر هیچ کەسیک متمانەی بە رابەرایەتی نی‌یە»، «پشتیوانی ئیوە (واتە من) لەوان بەبی چارەسەرکردنی گرفتە دەروونی‌یەکان پرسیار و بی بروابیەکان زیاتر دەکات». ئەمە قالبیکی زور تەنگ و بەر تەسک بو رادەربرین پیک دەهینی. چون دەکری دەخالەت بکەی کاتی لە روانگەی لایەکەوە، موافق بوون لەگەل لایەکەی تر هەر لە پیشادا رەت کراوەتەوە و بە نیشانەی نییەت پیسی و بی‌خەبەری لە قەلەم دراوە؟
بەهەر حال هەر وەک ووتم من لیرەدا مەبەستم دیفاع کردن لە شەخس و ئورگان و بوچوون و سیاسەتیکی تایبەت نی‌یە، چونکە نە ئاگاداری ئەو باسانەم کە مشتومریان لەسەرە و نە بوچوونی هەردوولا دەربارەیان دەزانم. ئومیدەوارم هەرچی زوتر ئەسنادی ئەم قسەو باسانە بە من و هاوری‌یانی ئیرەش بگات تا بەلکو بتوانین دەخالەتیکی راستەوخوترمان لەم قسەوباسانەدا هەبیت. ریگام پی‌بدەن لیرەدا چەند خالیک سەبارەت بە چوارچیوەی گشتی مەسەلەکە و ئەو ذ×ولانە بلیم کە دەبی لەم نیوەدا تاکیدی لە سەر بکریت .
١-ئیوە دەلین لە حیزبی ئیمەدا ناکوکی‌یەکە لە نیوان تیوری بەرنامە و تیوری تەشکیلاتە. دەلین مەسەلەکە لەسەر دووری نیوان تیوری کومونیستی حیزب و پراتیکی ووردە بورژوازیانەی ئەوە. خوینەر ئەو چاوەروانی‌یەی هەیە کە لەسەر ئەم بناغەیە شیکردنەوەیەک لە سەر هۆیە میژوویی، سیاسی، کومەلایەتی و مادی‌یەکانی ئەم دوورییەیی نیوان تیوری و پراتیک بیبستێ. بەلام ئەنجامگیریەکەی ئیوە هەموو مەسەلەکە گرێ دەدات بە کومەلە کەسانیکەوە کە پی«لەسەر ئەم پراتیکە» دائەگرن. مەسەلەکە لەسەر رابەرایەتی‌یە. بە بروای من هەم لە نیوان تئوری و هەم پراتیکی ئیمەدا کەلینیکی واقعی هەیە، بەلام گومانم لەوەدا هەیە بکری **تقصیری** گرفتیکی میژوویی-کومەلایەتی بەم جورە، کە لە راستی‌دا نەبوونی لەم قوناغەی بزووتنەوەکەی ئیمەدا جیگای سەر سوورمان دەبوو، بکریتە ئەستوی چەند کەسیک لە هاوری‌یان. پاشان ئەم رابەرایەتی‌یەکی‌یە؟

تەنها بێخەبە ری من بیت. ئەو هاوری‌یانەی مەکتەبی سیاسی عیراقیش کە من تەماسم هەبووەلەگەلیاندا هیچ اسنادیکیان نەبینییووە. هەموو مەسەلەکە زور کوتوپـر و بی‌پیـشینە دیتەبـەرچاو. نامەکـەی ئیـوە لەگەل وەزعیکدا دەهاتەوە کە تیایدا خەتیکی سیاسی پیناسە کراو، بە پلاتفورم و ئەسـنادی نووسـراو، بریارنامە و قەراری سیاسی و عەمەلی، سیاسەتە بەدیلەکانی و...هتدەوە، پاش چەندین مانگ قسەوباس و مشتومر لەگەل رابەری و خەتی رەسمی لە کەنالە حیزبی یەکانەوە، ئیستا بریاری‌داوە فراکسیون پیک بهینی. ئەگەر ئەم مشتومر و قسەوباسانە رووی بدایە، ئەو کاتـە هـەر کەسـیک کـە داوای رادەبـرین و قەزاوەتیان لیّی کردبایە، چ من و چ هەر هاوری‌یەکی ئەندامی حیزبی کومونیـستی کریکـاریی عـیراق کـە ئیوە بانگەوازتان دەکرد، دەبی بە پی‌ی **منطق** سەیری ئەم ئەسنادانە بکات و بریاری خوی بدات. ئەگـەر ئەم ئەسنادانە هەن، زور خوشحال دەبم ئەگەر بو منیشی بنیرن بو ئەوەی پیشینەی باسەکە تی بکـەم. ئەگەریش ئەم ئەسنادانە و ئەم پیشینە نووسراوەی ئختلافاتەکان وجودی نی‌یە، ئەو کاتە پرسـیاری مـن و هەر ئەندامیکی ئەم حیزبە ئەوە دەبوو کە بوچی بەر لە برینی ئەم قوناغانە، ئختیلافاتەکان بەم شیوە توندوتیژە و لەم ئاستە بەرزەدا تەرح دەکرین.

٢-بە هەمان شیوە کومەلیک اتهـامی تـشکیلاتی قورسـتان داوەتـە پـال رابەرایـەتی، وەک سـەر کوتـی مخالفین، بوروکراتیزم، تکریمی تەئییدکەرەکانی خوی، تەزویری واقعییەتی حیزبـی، پیلانگـیری و دیفـاع کردن لە موقعیەتی خو بە هەر قیمەتیک بووە .لە بارەی ئەم ئیتهامانەوە دواتر چەند خالیکی تـر بـاس دەکەم. بەلام هەر لیرەدا پرسیاری من و هەر چاودیریکی ئوبژەکتیڤیتر ئەوەیە کە کام بەلگـە هەیـە کـە دەلالەت لە جوری بی ئسولی‌یە تەشکیلاتی‌یەکان دەکات؟ ئەم بەلگە و وثیقـە و نموونانـە پیـشتر لـە چ کەنالیکی تەشکیلاتی‌یەوە مـەترەح کـراون؟ ئیـوە چ شـکایەتیکتان کـردووە و وەلامـی رابەرایـەتی بـەم شکایەتانە چی بووە؟ ئەم اتهامانە لەکام مەرجەعی تەشکیلاتی‌دا مەترەح کـراوە؟ ئەگـەر ئـەم بەلگـە و شکایەتانە وجودیان هەیە، هەر چاودیریک کە بانگەواز دەکریت بو رادەربرین، دەبی لی‌ی ئاگادار بیتەوە. وە ئەگەر وانی‌یە، ئەو کاتە پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە حیزبیکـی واقعـی‌دا، لـە حیزبیکـی جـدی‌دا، نابـی سەرەتا ئەم قوناغانە تێ بپەڕێنرێ؟ ئایا بەرلەوەی تاوانیکی عەلەنی بدریتە پال کەسـیک نـابی سـەرەتا هەول بدریت بو ئەوەی لە مەرجەعیکی مـشروعی تەکـشیلاتی‌دا ئیـسپات بکریـت؟ رابەرایـەتی حـیزب و کومیتەکانی رابەری حیزب لە ئاستە جیاجیاکـان‌دا، کـە خـودی ئیـوە هاوری‌یـان ئەنـدامن تیایانـدا، بـە شکایەتە رەسمی و نوسراوەکانی ئیوە چ وەلامیکیـان داوەتـەوە کـە لـە روانگـەی ئیـوەوە وەلامـدەرەوە نەبووە؟

٣-ئیوە داواتان لەمن کردووە رای خوم بدەم. تەنانەت لەو پەری موحیببەتەوە ووتوتانە کە رەنگـە رای





ئەندیشە بەشێکی دیکەی ئایین پاکدەبێتەوە. لە کۆتاییدا ئەگەر 250 کەسێک لە وولاتێکی 60ملیۆنیی وەکو ئێراندا هێشتا لەسەر ئەو باوەڕە بمێننەوە کە بەڵێ، ڕۆژی حەشرێک هەیەو پینج کەڕەت لە ڕۆژدا دەبێ نوێژ بکرێو ئەگەر نەکرێ فلان دەبێو حەتمەن پێویستە هەر چەند وەخت جارێک مەڕێک "بکرێتە قوربانی" چونکە زەمانێک ئیبراهیم خلیل ویستبووی کوڕەکەی خۆی بکاتە قوربانی، ئارەزووی خۆیەتی! لەم چەشنە مرۆڤانە سەیرتریش هەن لە دنیادا. بەڵام چیتر ئەمانە نابنە یاسای کۆمەڵایەتیو سەرئێشەش بۆ کەس پێشناهێنن. تەنانەت خودی ئەم جۆرە ئینسانانە کە باوەریان بەم خورافاتانە هەیە، رەفتارێک لەگەڵ خیزانو منالەکانیاندا دەکەن کە نەک لە مافە مەدەنییەکانی ئەوانەوە سەرچاوە ناگرن، بەلکو لە ئایینو دەمارگیریی ئەم ئینسانانەوە مایەدەگرن، بۆیە دەوڵەت دەچێ پێشیان پێدەگرێ. من بڕوام بەوە نییە کە لەبەرامبەر ئیسلامدا توندوتیژیی بەکاربهینرێ. هەر وەک چۆن بڕوام بەوەش نییە کە لە بەرامبەر مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشدا توندوتیژیی بەکارببرێ کە لە کۆمەڵدا هەن. بەڵام باوەرم بەوە هەیە کە یاساکانو هوشیارکردنەوە بە لێکهەڵپێکراویی دەتوانن دەرگای ئیسلام قفڵ بکەن. بۆ نموونە سەرۆکی کلیسای بەریتانیا ڕایگەیاندووە کە وەزعی مەسیحییەت خراپە، وە چیتر کەس گوێی لێ ناگرێ. بۆچی؟ چونکە خەلک پیویستیان پێی نییە. وە هێزیشی بە دەستەوە نەماوە.

# نامەیەک بۆ دوو هاوڕێ

## دەربارەی ئیختلاف و پێکهێنانی فراکسیۆن لەناو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا


**مەنسور حیکمەت**

96/6/27

**وەرگیرانی: سەعید ئەحمەد**


**هاورێیاني ئازیزم ئاسۆ غریب و بەمۆ علی**

بەسلاویکی گەرم و ئارەزووی لەش ساغی‌تان.

نامەی بەرواری ١٤-٦-١٩٩٦ی ئیوەم دەربارەی ئیختلافاتە دەروونی‌یەکانی حیزبی کومونیستی کریکاریی عیراق بەدەست گەیشت. سوپاستان دەکەم بو ئەو لوتفەی دەرتان‌بریوە و بو ئەوەی رای منتان پرسیووە .

لەگەل ئەمەشدا هاوری‌یان، نامەکەی ئیوەلەزور رووەوەجیگای داخە . لە هەلو مەرجیکدا کە بو یەکەمین جار لەهەموو میژووی ناوچەکەدا حیزبیکی کومونیستی کریکاری بەم بیر وباوەرە رادیکالانەوە سەری هەلداوە و ئیحتیکاری حیزبە میللی وکونەپەرستەکانی لە سەرجەوی سیاسی لانی کەم کوردستان شکاندووە، لە هەلومەرجیکدا کە تیکرای کونەپەرستی لە ناوچەکەدا ئیمەیان بە دوژمنی هاوبەشی خویان داناوە، لە هەلومەرجیکدا کە ئەوزاعی عیراق و ئەوزاعی جیهانی هەلیکی پر بایەخ و بی شک کەم ماوەی





بو دەخالەتی چارەنووس‌سازانەی ئیمە هیناوەتەکایەوە، زور جیگای داخە کە ئیمە نەتوانین وەکو ریزیکی یەکگرتوو و بەگور و یەکپارچە دەرکەوین. زور جیگای داخە ئەگەر ناچاربین تەنانەت یەک روژ خەریکی ناکوکی‌یە داخلی‌یەکانی خومان بین. زور جیگای داخەئەگەر جاریکی تر نیشان بدریت کە کومونیستەکان پسپوری خوخورین ئەویش لە ناسکترین ساتەکاندا. ئیمە دەبی لەم دەرفەتە بچووکە میژوویی‌یەدا کە بەریکەوت بو ئیمە لە عیراق و کوردستاندا رەخساوە کاریکی گرنگ بە سەرئەنجام بگەیە نین. ئەم هەلە بو ئیمە دووبارە نابیتەوە. ئەگەر ئەم دەرفەتە لە کیس خومان بدەین نابەخشرێین .

هاورێیانی ئازیزم، بە دەرلەوەی کەریشەی ئەم ئیختیلافاتانە لە کوی‌یە، لەسەرچی‌یە، ئیوە لە سەرحەقن یان نا، ئایا کەمتەرخەمی یەک (**تقصیریک**) هەیەوکەمتەرخەم (**مقصر**)کی‌یە و....هتد، بو ئێمەکە لێرە و دوورلە مەیدان وبەدەستی بە ستراوەوە، بە شۆڕوشەوقەوە چاومان بڕیوەتە هەڵسووڕانی ئێوە، ئەم ڕووداوە لەقولایی دڵەوە جێگای داخە .

من مەبەستم یەکگرتوویی ویەکیتی بە هەرقیمەتیک و پەردەپوش کردنی ئیختلافاتە جدی‌یە سیاسی‌یەکان نی‌یە. ئەگەر هەلویستی هەلەهەیە دەبی راست کرینەوە، شیوازە نادروستەکان دەبی راست کرینەوە و ئەمەهەرگیز بەبی گفتوگو و مشتومر و خەبات لەدەرونی حیزبە کومونیستی‌یەکاندا ئیمکانی نی‌یە، بەلام کەسیک کە بە تایبەت قسە لە نەبوونی سوننەتی کومونیستی دەکات، دەبی بزانی کە یەکیک لە سوننەتە گرنگ و فەراموش کراوەکانی کومونیزمی مارکس ولینین، سوننەتی گفتوگوی ئازاد وسیاسی‌یە لە جەرگەی خەباتیکی هاوبەش و پراکتیکیکی یەکگرتووانەی کومونیستدا. بەداخەوە ئەو تەسویرەی کە نامەکەی ئیوە دەیدات بە دەستەوە ئەمە نی یە.

هاوری‌یان، لە چەند روژ بەر لە ئیستاوە کە نامەکەی ئیوەم بە دەست گەیشتووە هەموو فکرم مشغولی ئەوە بووە کە وەلامی **اصولی** (مبدئی) من بە ئیوە دەبێ چی بێ؟. من لەم نامەیەدا نامەوێ دیفاع لەهیچ کەس و ئورگانیک بکەم. زانیاری‌یەکانی (معلوماتی) ئیستای من لە سەر ناوەروک و پیشینەی ئیختلافاتەکان لەوە کەمترە کە ئیمکانی دەخالەتیکی بەو جورەم پی‌بدات. چەند فاکتەریک دەخالەت لە ناوەروکی قسەوباسەکان بو من دژواردەکات :

١-ئیوە باس لە ئیختیلافیکی سیاسی لە گەل رابەرایەتی و ریبازی (**خط مشی**) حیزبی عیراق دەکەن کەوا دیارە ئەوەندەپەرەی سندووە کە بەقسەی ئیوە حیزبی قوتبی کردووەتەوە و یەکپارچەیی حیزبی خستووەتە ژیر پرسیارەوە. بەلام من تەنانەت یەک دیریکم لە بارەی ناوەروکی ئەم ئیختلافە سیاسی یە، ئەومەسەلانەی ئیختیلافیان لە سەرە، پیشنەیان، قوناغەکانی پیشتری ئەم ئیختیلافانە، بوچوونە اثباتی‌یەکانی ئیوە، پلاتفورمی سیاسی ئیوە و ئەلتەرنەتیفی ئیوە وە نەبینیووە. پیم وانی‌یە مەسەلەکە